# جیاوازی نێوان بەشەکانی زانستی کۆمپیوتەر و ئایتی

ژمارەی وتار: ٢
ئامادەکردنی: ئەحمەد تاڵەبانی
بڵاوکراوەی ساڵی ٢٠٢٠



## پێشەکی

زۆرجار قوتابیانی تازە دەرچووی پۆلی دوازدەی ئامادەیی پرسیاریان هەیە دەربارەی بەشەکانی زانکۆ و خوازیاری زانیاری زیاترن دەربارەی ناوەڕۆك و جیاوازی بەش و پسپۆڕیەکان، زۆرجار پرسیار دەکرێت لە بارەی جیاوازی بەشە تەکنەلۆژیەکان و لە نێوانیشیاندا جیاوازی بەشەکانی ئایتیی و زانستی کۆمپیوتەر لەبەر ئەوە هەوڵمانداوە بە کورتی زانیاری دەربارەی هەردوو بەشەکە بخەینە ڕو.

## زانستی کۆمپیوتەر

دەرچوانی ئەم بەشە دوای وەرگرتنی خوێندنێکی تەواو وەردەگرێت لە ماتماتیک و زانستی تیۆری کۆمپیوتەر، زۆربەی ئەوانەی ئەم بەشە تەواو دەکەن دەبن بە گەشەپێدەری سۆفتوێر (software developers)یان وێب پرۆگرامەر، بە بەردەوامبونی بۆ خوێندنی باڵای ئەم بەشە دەچێتە پسپۆڕی ورد وەک "advanced artificial intelligence" لەگەڵ ئەوەشدا دەرچووی بەکالۆریۆسی ئەم بەشە ئامادەکراون بۆ ئەوەی دیزاینی پاتێرن و ئەلگۆریسم و داتا ستراکچەر بکەن، لەکاتی خوێندن لەم بەشە زۆربەی جار خوێندکار فێری تەنها دوو زمانی پرگرامینگ دەکرێت بۆ نمونە Java و Python یان C++ بۆ ئەوەی ببێت بە پرۆفیشناڵی بواری زانستی کۆمپیوتەر پێویستە شارەزایت هەبێت لە


HTML, CSS, JavaScript, MySQL, PHP, Python and Java

## ئایتی

دەرچوانی ئەم بەشە کاردەکەن لەبواری پاراستنی زانیاری، نێتۆرک، بەڕێوەبردنی داتابەیس، بەڕێوەبردنی سیستەم، پاڵپشتی کۆمپیوتەر(computer support)، کە هەندێک لەم بوارانە پێویستە شارەزای لەبواری زانستی کۆمپیوتەر و پرۆگرامینگ هەبیت، پێویستە لەم بەشە مەجالی هەڵبژاردنی کۆمەڵێک کۆرس هەبێت لەکاتی خوێندن دا وەک کۆرسی سکویریتی، داتابەیس، و نێتۆرک، ئایتی پرۆفیشناڵ پێوییستە شارەزایی هەبێت لە سیستەمەکانی کارپێکردنی سێرڤەر و توڵەکانی داتابەیس وەک SQL Server و ORACLE.

## بەراوردی بەشەکانی زانستی کۆمپیوتەر و ئایتی

*بەگشتی زانستی کۆمپیوتەر تەرکیز دەخاتە سەر پرۆگرامینگ و بەکارهێنانی ماتماتیکی.
*ئایتی تەرکیز دەخاتە سەر نێتۆرک و داتابەیس و چاککردن و پاڵپشتی کۆمپیوتەر، هەندێ جار شارەزایی ئایتی مەرج نیە کە لە بەشەکە خوێندبێتت.




سەرچاوەی وێنە ماڵپەڕی idreamcareer.com

# خشتەی وانەی بەشەکان

بۆ ئەوەی زیاتر بەشەکانی ئایتی و زانستی کۆمپیوتەر ڕونبێت لەلای خوێنەر، ئێمە وەک ناوەندی شیکار، ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووە لەسەر بەشە جیاوازەکانی کۆمپیوتەر لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا لەگەڵ چەندین سەرچاوە بۆ فێربوونی بابەتەکان، لێرەدا خشتەی وانەکانی زانستی کۆمپیوتەر و ئایتی دا دەنێین بۆ بەرچاوڕونی زیاتری خوێنەران.

زانکۆی هەڵەبجە
بەشی زانستی کۆمپیوتەر، ساڵی ٢٠١٩

وانەکانی ساڵی یەکەمی خوێندکار

| | | | |
|---|---|---|---|
| Academic Debate | Programming | Kurdology | Computer Organization |
| Calculus | Discrete Structure | Logic | Technical English |

وانەکانی ساڵی دووەمی خوێندکار

| | | |
|---|---|---|
| Information System Analysis | Object Oriented Programming | Numerical |
| Computer Architecture | Linear Algebra & Statistics Probability | Data Structure & Algorithm |

وانەکانی ساڵی سێیەمی خوێندکار

| | | |
|---|---|---|
| Graphics and Vision | Computation and Compiler | Database |
| Information Security | Data Communication and Network | Web Programming |

وانەکانی ساڵی چوارەمی خوێندکار

| | | |
|---|---|---|
| Operating System | Embedded System | Mobile Applications |
| Ethical Hacking | Research Methodology | Artificial Intelligence |

پەیمانگای تەکنیکی کەلار/خانەقین
تەکنەلۆجیای زانیاری، ساڵەکانی ٢٠١٥ - ٢٠١٣

وانەکانی ساڵی یەکەمی خوێندکار

| | | |
|---|---|---|
| نظم المعلومات | اساسيات البرمجه | تكنلوجيا المعلومات |
| الرياضيات | تقنيات الانترنيت | تركيب الحاسوب |
| كوردولوجى | المناقشه العلميه | اللغه الانكليزيه |
| التقدير النهائى | | |

وانەکانی ساڵی دووەمی خوێندکار

| | | |
|---|---|---|
| Visual Application | Operating System | Information Security |
| Computer Networks | Database Concept | Web Design |
| E-Commerce | Graduate Project | |

خشتەی وانەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان
ئامادەکردنی: هاوکار محمد
**داگرتنی بابەت**

## سەرچاوەی بابەت

ئامادەکردنی: ئەحمەد تاڵەبانی
ناونیشان: **ماڵپەری ئینسکلۆپیدیای زانیاری**

دوبارە بڵاوکردنەوەی
٢٠٢٢/١٠/٣

لەلایەن هاوکار محمد

هەندێک دەستکاری حونجەی و وشەسازی کراوە بۆ ئەم بابەتە لەگەڵ چەند زانیارییەکی نوێ زیاد کراوە بۆ بابەت

**ناوەندی شیکار**